**الاتحاد العام اللاجئين العراقيين في بريطانيا**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-UK**

---

# نادر علی جاف، پەنابەری کوردی عێراقی، لە کارەساتێکی دڵتەزێندا گیانی لەدەست دا!

دوو رۆژ لەمەوبەر رێکەوتی 13-4-2005، نادر عەلی جاف، خەڵکی دەربەندیخانی کوردستانی عێراق، لەدایکبووی  ساڵی 1973، لە شاری رۆژەرهام، لە بەریتانیا، بە کارەساتی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەست دا.

ناوبراو لە ساڵی 1999 وە هاتۆتە بەریتانیا بە مەبەستی وەرگرتنی مافی پەنابەری، بەڵام دەوڵەتی بەریتانیا مافی مانەوەی کاتی دەداتێ. تەنها دوو مانگ لەمەوبەر مافی مانەوەی هەمیشەیی پێ دەبەخشرێت. نادر هاوسەرو منداڵێکی هەیە کە لەو کاتەوەی کوردستانی بەجێهێشتوە نەیتوانیوە چاوی پێیان بکەوێت.

ژیانی چاوەڕوانیو بێئیمکاناتی ووردە ووردە نادر تووشی نارەحەتی نەفسی دەکات کە وەرگرتنی وەڵامی قبوڵبوونی پەنابەرێتیەکەشی سوودێکی نابێتو تروسکایی‌یەکی ئومێدێك بە ژیان لە دەرونیدا ناهێڵێتەوە. لە دوو هەفتە لەمەوبەرەوە بارودۆخی نەفسی بەرەوخراپتربونی زیاتر دەچێت. برایەکی کە لە شارێکی دیکە دەژی بەمەبەستی هاوکاری کردنی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کێشەیەیدا، دەیباتە لای خۆیو لەوێ دەیباتە لای دکتۆر، بەڵام دکتۆر پێی دەڵێت هیچی نی‌یەو ئاسایی‌یە! لە رواڵەتدا هیچ کاریگەریەکی نەخۆشی پێوە دیار نەبووە، بەڵام لەوکاتەوە کە وەزعی بەرەوخراپی چووە چەندین شەو لەسەر یەك نەیتوانیوە بخەوێت!

پاشان براکەی جێدەهێڵێت بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆی. بەڵام سەردانی برادەرێکی دەکات لە شاری رۆژەرهام. لەوێش دووبارە بارودۆخی نەفسی تێك دەچێتەوەو رۆژی 11-4-2005 هاوڕێکانی بە ئەمبولانسو بە ئاگاداری پۆلیس دەیبەن بۆ خەستەخانەو  بارودۆخەکەی بۆ دکتۆر روون دەکەنەوە، بەڵام دکتۆر تەنها چەند دەنك حەپی خەوی دەداتێو دەیبەنەوە بۆ ماڵ!

شەوی 11لەسەر 12-4-2005  بە هۆی تێکچوونی باری نەفسی‌یەوە بە مەبەستی خۆکوژی 3 چەقۆ لە خۆی دەدات، بەڵام زوو برادەرەکانی ئاگاداری پۆلیس دەکەنو دەیگەننە خەستەخانە. بۆ شەوی دوایی براکەیو چەند هاورێیەکی سەردانی دەکەنو بە ئۆفیسی خەستەخانەکە دەڵێن کە ئەم کەسە دەیەوێ خۆی بکوژێتو پێویستە ئاگاداری بکەن، رەنگە لەگەڵ هەرکەسێکیش بژی ئەو کەسەو خۆیشی بکوژێت! بەڵام سەرباری ئەم هەموو ئاگاداریانە شەوی 12 لەسەر 13 لە خەستەخانە دەری دەکەنو پۆلیس نادر دەهێنێتەوە بۆ ماڵی هاوڕێیەکی بە ناوی سیروان عوسمانەوە، بەڵام سیروان ناتوانێ بەرپرسیارێتی هەڵبگرێتو بە پۆلیس دەڵێت:"من ناتوانم بەرپرسیارێتی ئەم کەسە هەلگرم لە کاتێکدا ئێوە ناتوانن بەرپرسیارێتی هەلگرن، ئەم کەسە هەر ساتێك بێت خۆی دەکوژێت". پاشان پۆلیس ناوبراو دەبەنەوە بۆ لای خۆیانو بۆ رۆژی دواتر واتە رۆژی 13-4-2005 دەیبەن بۆ دادگا لە ناوچەی ( کانکلۆ) لە رۆژەرهام،  بەپێی قسەی پۆلیس گوایە شەو لەگەڵ کارمەندانی نەخۆشخانەدا دەنگە دەنگی کردوەو نارەحەتی کردوون! بەڵام دوای یەك سەعات لە دەرچوونی لە دادگا بە پێی قسەی پۆلیس ، خۆی خستۆتە ژێر لۆریەك لەسەر هێڵی خێرا، هەر لەوێدا گیانی لەدەست داوە.

فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لە بەریتانیا، ئیدارەی نەخۆشخانەو پۆلیس بە کەمتەرخەمو بەرپرسیار دەزانێت لە بەرامبەر گیان لەدەستدانی نادر عەلی جاف دا. ئەرکی ئەو دەزگایانە بوو کە پاش ئاگاداربوونو بەشداری‌یان لەو کێشەیەدا ئیجرائاتی ئوسوڵی بکەن بۆ پاراستنی گیانو ژیانی نەك بەو وەزعە نەفسی‌یە خراپو وێرانەوە بەرەڵای شەقامەکانی بکەنو ئەو رووداوە دڵتەزێنە رووبدات! ئەم مامەڵەیەی ئیدارەی خەستەخانەو پۆلیس لەگەڵ کەیسی نادر عەلی جافدا سەرباری بیرۆکراسی ووشكو تا سەر ئێسقان رۆچووی ئیدارەو حکومەتی ئەم وولاتە، کاردانەوەی سیاسەتو بۆچوونێکی راسیستی دەزگای پۆلیسو حکومەتی بەریتانیایە بەرامبەر بە پەنابەران.

ئێمە لە کاتێکدا بە قووڵی بەهۆی کارەساتی گیان لەدەستدانی نادر عەلی جافەوە هاوبەشی غەمو پەژارەی کەسوکاری دەکەین، قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەوی گیان لەدەستدانی نادریش لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە بە مافێکی ئاسایی و سەرەتایی ئەو دەزانین. هاوکات ئەوەش رادەگەیەنین کە فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لقی بەریتانیا بەوپەڕی توانایەوە بۆ دیفاع لە مافی ئینسانیو یەکسانی پەنابەرانی عێراقی تێدەکۆشێت و بانگەوازی پەنابەران دەکات کە بەریزەکانیەوە پەیوەست بن بۆ گەیشتن بە مافو خواستەکانیانو دیفاع کردن لە کەرامەتو حورمەتی ئینسانییان لە بەرامبەر سیاسەتی راسیستیو بیرۆکراتیزمی حکومەتی بەریتانیادا دژی پەنابەران.

**بژی  مافی ئازادیی نیشتەجێبوون!**

**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا**

2005-4-15